گۆڤاری زانكۆی سلێمانی ژماره ( ٩) ساڵی ٢٠٠٢ بەشی B لاپەره ( ٩٥- ١٠٦ )

# دۆخ
# له كرمانجیی ژووروودا

د. فەرەیدون عەبدول محەمەد/ كۆلێجی زمان / زانكۆی سلێمانی
و م.عادل رشید قادر / كۆلێجی پەروەردە / زانكۆی سلێمانی

١-پێشەكی: ئەم باسه بۆ دەست نیشان كردنی دەركەوتنی دۆخی رێزمانیی هەندێ شوێنی رستەی ئاخاوتنی كرمانجیی ژووروە. هەست كردنمان به گرنگی و پێویستی دەرخستنی ئەو پەیوەندییە رێزمانییه ، هانی داین بۆ نووسینی ئەم باسه، كه بەلای ئێمەوه سوودێكی زۆری دەبێت بۆ لێكۆڵینەوەی بەراورد له نێوان زارەكانی زمانی كوردیداو هەروەها بۆ ئەو كەسانەی كه گرنگی بەنووسینی توێژینەوه لەسەر زارەكه دەدەن و زمانی كوردی لەگەڵ زمانەكانی تردا، بەتایبەتی زمانه هیندۆ ئەوروپاییەكاندا ، بەراورد دەكەن.

دۆخی ریزمانی له كرمانجیی ژووروودا : لەبەر ئەوەی كه زاری كرمانجیی ژووروو (ئیرگەتیڤه )(Ergative) ، ریككەوتن به دوو شیوه دەبی :

١-ئەگەر كاری رسته رابردووی تێپەر بیت بەركار له رووی كەس و ژمارەوه لەگەڵ كاردا ریك دەكەویت، بەلام بكەر دەكەویته دۆخی بكەرییەوه.وەك :.

ته ئەز دینم

٢-بەلام ئەگەر كاری رسته رانەبردووی تێپەر بوو بكەر له رووی كەس و ژمارەوه لەگەڵ كاردا ریك دەكەویت و بەركار دەكەویته دۆخی بەركارییەوه.(١) وەك :

ئەز ته دبینم

لەم زارەدا چوار شوێنی رستە دۆخی لەسەر دەردەكەوێ كە ئەمانەن(٢)

١- دۆخی بكەری رستە. ( Nominative ) ئەگەر كاری رستە رابردووی تێپەرێت.
٢- دۆخی بەركاری رستە. ( Accusative ) ئەگەر كاری رستە رانەبردووی تێپەرێت.
٣- هەرناوێك بوو بەدەرخەر.( Genative )
٤- هەرناوێك لەدوای پرپیۆزیشنەوە هات، یان بوو بە بەركاری نا راستەوخۆ.( Dative )
لەم چوار شوێنەدا مۆرفیمی دۆخی رێزمانیی ، كە لە دوو شێوەدا ، (( ی )) بۆ تاكی نێر و (( ێ )) بۆ تاكی مێ دەردەكەوێ، دەچێتە سەر كۆتایی ناوەكە( ٣ ) . ئەگەر بە جێناوی كەسیی نەلكاو پركرانەوە ، دەبێت یەكێك لە جێناوە كەسییە نەلكاوەكانی دەستەی دووەمی ئەم خشتەیەی خوارەوە دابنرێت :

| دەستەی یەكەم | | | | دەستەی دووەم | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| كەس | تاك | كۆ | | كەس | تاك | كۆ |
| یەكەم | ئەز | ئەم | | یەكەم | من | مە |
| دووەم | تو | هوین | | دووەم | تە | وە |
| سێیەم | ئەو | ئەو | | سێیەم | وی/وێ | وان |

بەڵام ئەگەر بە جێناوێكی نیشانە پركرابوونەوە ، یان جێناوێكی نیشانە وەك دەرخەرێك لە پێش ناوەكەوە هاتبوو، دەبێ لەو دەستەیە بێت كە تایبەتە بەو شوێنانەی دۆخی رێزمانییان لەسەرە. ئەو دەستە جێناوە نیشانەیەش ئەمەی خوارەوەیە :

| | تاك | كۆ |
|---|---|---|
| نزیك | ڤی/ئەڤی( نێر )<br>ڤێ/ئەڤێ ( مێ ) | ڤان/ئەڤان |
| دوور | وی/ئەوی( نێر )<br>وێ/ئەوێ( مێ ) | وان/ئەوان |

هەرکاتێک جێناوی نیشانە لە شوێنیتردا ، جگە لەو شوێنانەی لە پێشەوە دیاری کراون، دەرکەوت، ئەوە دەبێت جێناوێکی نیشانە لە دەستەکەی تر دابنێین، کە ئەمەی خوارەوەیە(٤):

| | تاک |
|---|---|
| نزیک | ئەڤ/ئەڤ...ـە |
| دوور | ئەو/ئەو...ـە |

٢ -ناو و دۆخی ڕێزمانی: بۆ روون کردنەوەی دەرکەوتنی مۆرفیمی دۆخ لەسەر ناو ، لە ئاخاوتنی کرمانجیی ژووروودا سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە :

یەکەم: ئەگەر ناوەکە بکەربێت، بۆ ئەوەی بکەوێتە دۆخی بکەرییەوە (Nominative) دەبێ کاری رستە رابردووی تێپەڕبێت:

| | |
|---|---|
| کوڕی<br>کچێ | گول ئاڤدا. |
| کوڕەکی<br>کچەکێ | |
| ئازادی<br>نەسرینێ | |
| کوڕان<br>کچان | |

*دووەم: ئەگەر ناوەکە بەرکار بێت، بۆ ئەوەی بکەوێتە دۆخی بەرکارییەوە(Accusative)، دەبێت کارەکە رانەبردووی تێپەڕبێت:*

| | | |
|---|---|---|
| ئەز | کوڕی<br>کچێ | دبینم |
| | کوڕەکی<br>کچەکێ | |
| | ئازادی<br>نەسرینێ | |
| | کوڕان<br>کچان | |

سێیەم: ئەگەر ناوەکە دەرخەر بێت:( Genative)

| | | |
|---|---|---|
| ئەزقەلەمێ | کوڕی<br>کچێ | دبەم. |
| | کوڕەکی<br>کچەکێ | |
| | ئازادی<br>نەسرینێ | |
| | کوڕان<br>کچان | |

چوارەم: ئەگەر ناوەکە دوای پرپیۆزیشن هات، یان بەرکاری نا راستەوخۆ ( Dative)بوو ، بەم شێوەیە دەبێ:

| | | |
|---|---|---|
| من دەفتەرەك ژ | کوڕی<br>کچێ | بر. |
| | کوڕەکی<br>کچەکێ | |
| | ئازادی<br>نەسرینێ | |
| | کوڕان<br>کچان | |

یان:

| | | |
|---|---|---|
| من گۆتە | کوڕی<br>کچێ | وەرە. |
| | کوڕەکی<br>کچەکێ | |
| | ئازادی<br>نەسرینێ | |
| | کوڕان<br>کچان | وەرن . |

وەك لە نەخشەكاندا دیارە ، ناوەكە ئەگەر گشتی بێت، یان نەناسراو ، یان تایبەتی، مۆرفیمی دۆخی ڕێزمانیی لەسەر دەردەكەوێت، كە (( ی ))یە بۆ تاكی نێر و (( ێ ))یە بۆ تاكی مێ. بەڵام ئەگەر ناوەكە كۆ بوو ئەوامۆرفیمی ( ان )ی كۆی لەسەر دەردەكەوێ. بەم پێیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كە مۆرفێمی ( ان )ی كۆلە سەر ناوێك دەرناكەوێ‌كە لەدۆخدا نەبێت هەرچەندە ناوەكەشی بە كۆ بەكارهاتبێ بۆ نموونە :

من كوڕ دیتن

من كچ دیتن.

بەهۆی ڕاناوی ( ن )ەوە كە چۆتە سەر كۆتایی كارەكە، دەردەكەوێ كە( كوڕ، كچ ) وەك كۆ بەكارهاتوون بەڵام مۆرفێمی كۆیان لەسەر نی‌یە.

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین كە مۆرفیمی ( ی/ێ ) لە هەمان كاتدا دوو ئەرك دەبینن:

١- ئەركی دەرخستنی ( نێر/مێ ).

٢- ئەركی نیشان دانی دۆخی ڕێزمانیی.







بەڵام كە ناوەكە بوو بە كۆ ، لەبەرئەوەی لە دۆخدایە مۆرفێمی ( ان )ی كۆی لەسەردەر دەكەوێ .




٤- جێناوە كەسییە نەلكاوەكان و دۆخی ڕێزمانیی: ئەگەر ئەو چوار شوێنەی كە دۆخیان لەسەر دەردەكەوێ بە جێناوی كەسیی نەلكاو پڕكرانەوە ، ئەوا هەر دەبێت جێناوێكی لەدەستەی ( من – مە ) بۆ دابنرێ. بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

**یەکەم: ئەگەر جێناوەکە بوو بە بکەر ، دەبێت کاری ڕستە ڕابردووی تێپەڕ بێت:**

| | |
|---|---|
| من<br>مە<br>تە<br>وە<br>وی/وێ<br>وان | سیڤ خار. |

**دووەم: ئەگەر لە ڕۆڵی بەرکاردابوو، دەبێت کاری ڕستە ڕانەبردووی تێپەڕبێت:**

| | | |
|---|---|---|
| ئەو | من<br>مە<br>تە<br>وە<br>وی/وێ<br>وان | دگرە |

**سێیەم: ئەگەر دەرخەر بوو:**

| | |
|---|---|
| ئەو هاتە مالا | من.<br>مە.<br>تە.<br>وە.<br>وی/وێ.<br>وان. |

***چوارەم: ئەگەر دوای پرپیۆزیشن هات، یان بەركاری ناراستەوخۆ بوو:***

| | | |
|---|---|---|
| نیهادی دەفتەرەك ب | من<br>مە<br>تە<br>وە<br>وی/وێ<br>وان | دا. |

***یان:***

| | |
|---|---|
| ئەوزادی وێنە دا | من.<br>مە.<br>تە.<br>وە.<br>وی/وێ.<br>وان. |

٥-جێناوی نیشانە و دۆخی ڕێزمانیی: دەستەی (ڤی / ئەڤی)ی جێناوە نیشانەكان، كە پێشتر دەست نیشا نمان كردووە، لەو شوێنانەدا بەكاردێ كە دۆخی ڕێزمانییان لەسەر دەردەكەوێ. ئەو جێناوانە ئەگەر لە پێش ناوێكەوە هاتن ، دەبنە ئاوەڵناوی نیشانە و دەنگێكی وەك دوادەنگی خۆیان، دەبەخشن بە كۆتایی ناوە دەرخراوەكە (نیشانەبۆكراوەكە)، بەلام ئەگەر بۆ كۆ بەكارهات، ئەوا ناوە دەرخراوەكە ، وەك خۆیان، دەخەنە ڕێژەی كۆوە( ٦ ). بڕوانە ئەم نموونانە:

***یەكەم: لە شوێنی بكەردا كاتێ كاری ڕستە ڕابردووی تێپەڕبێت( ٧ )***

| | | |
|---|---|---|
| ئەڤی/ڤی | كوڕی | نامە هنارت. |
| ئەڤێ/ڤێ | كچێ | |
| ئەوی/وی | كوڕی | |
| ئەوێ/وێ | كچێ | |
| ئەڤان/ڤان | كوڕان/كچان | |
| ئەوان/وان | | |

**دووەم: لە شوێنی بەرکاردا کاتێ کاری رستە رانەبردووی تێپەڕ بێت:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەز | ئەڤی/ڤی | کوڕی | دبینم. |
| | ئەڤێ/ڤێ | کچێ | |
| | ئەوی/وی | کوڕی | |
| | ئەوێ/وێ | کچێ | |
| | ڤان | کوڕان/کچان | |
| | وان | | |

**سێیەم: لە شوێنی دەرخەردا :**

| | | | |
|---|---|---|---|
| من دەفتەرەك ژ | ئەڤی/ڤی | کوڕی | وەرگرت. |
| | ئەڤێ/ڤێ | کچێ | |
| | ئەوی/وی | کوڕی | |
| | ئەوێ/وێ | کچێ | |
| | ڤان | کوڕان/کچان | |
| | وان | | |

**چوارەم: ئەگەر دوای پرێپۆزیشن هات، یان بەرکاری ناراستەوخۆبوو:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| من قەلەمەك ژ | ڤی | کوڕی | ستاند. |
| | ڤێ | کچێ | |
| | وی | کوڕی | |
| | وێ | کچێ | |
| | ڤان | کوڕان/کچان | |
| | وان | | |

یان:

| | | |
|---|---|---|
| دینارەکی بدە | ڤی | کوڕی. |
| | ڤێ | کچێ. |
| | وی | کوڕی. |
| | وێ | کچێ. |
| | ڤان | کوڕان/کچان |
| | وان | |

## ٦-ئەنجام

لەم چەند خاڵەدا ئە نجامی باسەکە بەکورتی دەخەینە روو:

١. چوار شوێنی سەرەکی هەن، کە لە زاری کرمانجیی ژووروودا ، دۆخی رێزمانییان لەسەر دەردەکەوێ، کە شوێنی بکەرە ئەگەر کاری رستە رابردووی تێپەڕبێت و شوێنی بەرکارە، ئەگەر کاری رستە رانەبردووی تێپەڕبێت و شوێنی دەرخەر و شوێنی دوای پرێپۆزیشن ، یان (بەرکاری ناراستەوخۆ) یە.

٢. ئەگەر کەرەسەی ناو ئەو چوار شوێنەی خاڵی یەکەم ناو بوو ، بۆ تاکی نێر ، مۆرفیمی ((ی)) و بۆ تاکی مێ ، مۆرفیمی ((ێ)) وەك مۆرفیمی دۆخ وەردەگرێ.

٣. ئەو ناوەی مۆرفیمی دۆخ وەردەگرێ دەشێ ناوێکی گشتی ، یان نەناسراو ، یان تایبەتی بێت. بەلام کە بوو بە کۆ مۆرفیمی (ان)ی کۆی لەسەر دەردەکەوێ .

٤. ئەگەر ئەو چوار شوێنە بە جێناوێکی کەسیی نەلکاو جێگیرکران ، دەبێت جێناوەکە لەدەستەی (من-مە) بێت، کە ناسراوە بە دەستەی دۆخی ناراستەوخۆ.

٥. ئەگەر جێناوی نیشانە لەو شوێنانەدا دەرکەوت، ئەوا دەبێ جێناوە نیشانەکە لە دەستەی (ڤی/ئەڤی — ڤێ/ئەڤێ) بێت.

٦. جگە لەو چوار شوێنەی رستە ، ئەگەر ناو لە شوێنی تردا دەرکەوت ، مۆرفیمی دۆخی لەسەر دەرناکەوێت. ئەگەر جێناوی کەسی نەلکاو دەرکەوت دەبێت لە دەستەی ( ئەز-ئەم )بێت. ئەگەر جێناوی نیشانەش دەرکەوت، دەبێت لە دەستەی ( ئەڤ/ئەڤ...ە ) بێت.

٧- لەم نموونانەی کەبۆ جێناوی نیشانە دانراون ، ئەگەر دەرخراوەکان ( واتە ناوە نیشانە بۆکراوەکان ) ، لابرێن ، جێناوە نیشانەکان خۆیان بەتەنیا لە دۆخدا دەردەکەون. ئەم شێوە بەکارهێنانەش لە هەموو سەرچاوەکانی بەردەستماندا بەرچاو ناکەون، تەنیا لای جگەر خوێن نەبێ کە ئەم نموونانەی نوسیوە: ڤی خوار ، ڤێ خوار، ڤا(ن) خوار...هتد. بڕوانە: جگر خوین ، ئاوائو دەستورا زمانی کوردی:٥٧-٥٩.

# پەراوێزەكان

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێكەوتنی نێوان (بكەر و كار) و (بەركار و كار) لە ڕووی بەكارهێنانی جێناوی كەسییەوە ، بڕوانە: (پ. وریا عومەر ئەمین، سیستەمی كاركردنی ڕاناو لە كوردیی ژووروودا، ٥٠-٥٥). هەروەها بڕوانە:

1-Waria Omar Amin (1979), Aspects of the verble construaction in Kurdish, 135-138.

٢-جگە لەو چوار شوێنە، لە دۆخی بانگكردندا ، هەندێ جار بۆ نێر ، مۆرفیمی (ۆ) وەك: گەلۆ، مۆرفیمی (ێ)بۆ مێ ، وەك : كچێ، بەكاردێت. بەڵام لەبەر ئەوەی كە سنووری بەكارهێنانی تەسكە و تەنیا لەگەڵ هەندێ ناوی گشتی دا بەكاردێت ، ئێمە وەك شوێنی پێنجەمان بۆ دۆخ دانەناوە. بۆ نموونە: محمد طاهر گوهەرزی ئەم ڕستانەی بەم شێوەیە تۆماركردووە:

١-جادر ئاڤێ بینە. ٢- بەرەڤان دەری بگرە.

٣- خویندكار وانێ بخوینە. ٤- هوزان هوزانەكێ ببێژە.

واتە : جادر ، بەرەڤان، خویندكار، هوزان لەم ڕستانەدا ، بانگ كراون، كەچی مۆرفیمی دۆخی بانگكردنیان لەسەر نییە. بڕوانە: محمد طاهر گوهەرزی ، ڕێزمانا كوردی زارێ كرمانجی :١٢٨

٣- محمد طاهر گوهەرزی ، مۆرفیمی ((ی))ی دۆخی نێر و ((ێ))ی دۆخی مێ بە (نیشانەی ناسین) دادەنێت. وەك:

١- نیهادی دار چاند.

٢-شیرنێ گول ئاڤدا.

٣-دیاریەكێ بدە كورِی ...هتد.

بەلای ئێمەوە ئەمە بیروڕایەكی هەڵەیە چونكە ئەگەر (نیشانەی ناسین) بن ، چۆن دەچنە سەر ناوی نەناسراو و ناوی تایبەت، وەك لە نموونەكانی خۆیدا چۆتە سەر (نیهاد) و (شیرین)، كە بكەرن. هەروەها چۆتە سەر (دیاریەك) ، كە ناوێكی نەناسراوە و بەركارە، لەبەر ئەوەی كارەكەی (بدە) ، ڕانەبردووە (فەرمانە) ، دۆخی وەرگرتووە. بڕوانە: محمد طاهر گوهەرزی ، ڕێزمانا كوردی /زارێ كرمانجی:٣٩-٤٠ ، ٦٤. ئیبراهیم ڕەمەزان زاخۆییش ، هەمان بیرو ڕای هەیە دەربارەی ئامرازی ناسین بڕوانە:

IBRAHIM REMEZAN ZAXOYI REZMANA KURDI:27

٤- بۆ جیاكردنەوە ودەستنیشانكردنی دەستەی جێناوە نیشانەكان، بڕوانە :ك.ك.كوردۆیف، ڕێزمانی كوردی بە كەرەستەی دیالێكتی كرمانجی وسۆرانی ،١٣٧.

٥- ئەگەر ئەو ناوەی دەكەوێتە دۆخەوە ، وەك فرێزێكی ناویی فراوان كرا ، دواكەرەسەی فرێزەكە ، بە پێی جۆر و چۆنێتی و شوێنی، مامەڵەدەكرێ. بۆ نموونە: (دارێ هشك ببڕە.) ڕستەیەكە ، كارەكەی فەرمانە ، واتە ڕانەبردووە ، بۆیە دەبێ فرێزی ( دارێ هشك ) ، كە بەركارە ، بكەوێتە دۆخەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دوا كەرەستەی فرێزەكە ئاوەڵناوە و ئاوەڵناویش دۆخی ناچێتە سەر، مۆرفیمی دۆخی وەرنەگرتووە. یان لەرستەیەكی وەك: (كچێ شازادی نان خار) دا (كچێ شازادی) ، بكەرە ، بەڵام ((ی)) مۆرفیمی دۆخ ، كە لەسەر (شازاد)ـە هی دۆخی بكەریی نییە، لەبەر ئەوەی كە كارەكەی ڕابردووی تێپەڕە ، بەڵكو هی ئەوەیە كە (شازاد) دەرخەرە و دەرخەریش دەكەوێتە دۆخەوە، بۆیە ((ی))ی دۆخی نێری وەرگرتووە، نەك ((ێ))ی دۆخی مێ كە پێویست بوو چونكە دەرخراو (كچێ) مێیە.

٦-دەتوانین دوا دەنگی سەر دەرخراو ، یان نیشانە بۆكراو ، لە ( ئەڤی كورِی / ئەڤێ كچێ نامە هنارت. ) دابە مۆرفیمی دۆخ دابنێین، چونكە ناوەكە خۆی بێ جێناوی نیشانە لە دۆخدایە.

٧- لەم نموونانەی كەبۆ جێناوی نیشانە دانراون ، ئەگەر دەرخراوەكان ( واتە ناوە نیشانە بۆكراوەكان ) ، لابرێن ، جێناوە نیشانەكان خۆیان بەتەنیا لە دۆخدا دەردەكەون. ئەم شێوە بەكارهێنانەش لە هەموو سەرچاوەكانی بەردەستماندا بەرچاو ناكەون، تەنیا لای جگەر خوێن نەبێ كە ئەم نموونانەی نوسیوە: ڤی خوار ، ڤێ خوار، ڤا(ن) خوار ...هتد. بڕوانە: جگر خوین ، أوائو دەستورا زمانی كوردی:٥٧-٥٩.

## ٨- سەرچاوەکان

1-IBRAHIM REMEZAN ZAXOYI, REZMANA KURDI, 1998, DIHOK.

٢-جگەر خوین ، وائو دەستورا زمانی کوردی، ١٩٦١ ، بەغدا.

٣-صادق بهاء الدین ئامێدی، رێزمانا کوردی کرمانجی یا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری، 1987،بەغدا.

٤-ك. ك. کوردۆییف، رێزمانی کوردی بەکەرەستەیدیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، و. د.کوردستان موکریانی، ١٩٨٤ ، هەولێر.

٥-محمد طاهر گوهەرزی، رێزمانا کوردی زارێ کرمانجی، ١٩٩٩ ، دهۆك.

٦- پ. وریا عومەر ئەمین، سیستەمی کارکردنی راناو لە کوردیی ژووروودا ، رۆشنبیری نوێ ، ژمارە (147)ی ساڵی (٢٠٠١ )ی زاینی.

7- Waria Omar Amin (1979), Aspects of the verble construction in Kurdish, Thesis presnted to (SOAS) University of London.

# الخلاصـــه

يتناول هذا البحث الحركات الأعرابية في الكردية الشمالية . حيث ان هذه اللهجة هي تابعة للنظام اللغوي المسمى بال ( ergative ).في هذا النظام اللغوي يتفق المفعول مع الفعل الماضي المتعدي للشخص والعدد .
من خلال البحث توصلت الى جملة من الاستنتاجات أهمها :

١-للكردية الشمالية أربع حركات أعرابية .

٢-اذا لم يكن الفاعل ضميراً منفصلاً مع الفعل الماضي المتعدي تظـهر (ی) كحركـة أعرابيـة للمذكـر والعلامـة (یَ) للمؤنث ،والعلامة (ان) للجمع.

٣-اذا لم يكن المفعول ضمـيراً منفصـلاً مـع الفعـل المضـارع المتعـدي فتظـهر معـه العلامـة (ی) للمذكـر والعلامـة (آ) للمؤنث ،والعلامة (ان) للجمع.

# *Abstract*

*This work is devoted to recognizing the occurance of the gramatical case in Northern Kurdish.*

*Northern Kurdish follows the Ergative system of langugaes, in which the object agrees with transitive verb in number and person in the past tens.*
*In this analysis we conclude that:*
*1-Northern Kurdish has four gramatical cases.*
*2-If the subject is not expressed by a personal pronoun in the past tense, the case marker will be represented by the morpheme (î) for masculine, and morepheme (ê) for femeniane , and morepheme (an ) for plural.*
*3-If the object is not expresed by a personal pronoun in the present tens, the case m markers will attach to the object.*